# هەمیشە برابن بۆ کورد سلێمان عەبدولآ یونس

ئەو تەنگژەیەی کەئێستا کەوتۆتە نێوان یەکێتیی و پارتی لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر چی هەموو کوردێکی نیشتیمان پەروەری تاڕادەیەکی زۆر نیگەران کردووە، بەڵام لەراستیدا ئەم جۆرە کێشانە بۆ دوو پارتی لەیەکتر جیاواز لەزۆر ڕووەوە مەسەلەیەکی یەکجار ئاساییە، چونکە ئەمە بەشێکە لەژیانی سیاسیو دیموکراسی کۆمەڵی ڕوو لە خۆرەتاوی کوردستان و ئەوەندە جێگای لێسڵەمینەوە نییە، ڕاستە نیگەرانیمان لە ڕاستیە تاڵەکانی شەڕی نەگریسی کورد کوژەوە سەرچاوەی گرتووە و هەموومان لەگەڵ سەرهەڵدانی بچوکترین قەیرانی نێوان ئەو دوو پارتە ڕابەرەی کوردستان بیرمان بۆ ئەوساتە نەفرەت لێکراوانە دەچێ کەلەگەڵ خۆمان خەریک بوو ئایندەی کوردیشمان دەکوشت، بەڵام پێم وایە ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەتایبەتی بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود خاوەنی بیرکردنەوەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی باڵای وان کەنەهێڵن جارێکی تر گەلەکەمان نەک ڕووبەڕووی ئەو ڕۆژە ڕەشانە ببێتەوە بەڵکوو تەمی هەموو گومانەکانیشمان برەوێننەوە.
کاک مەسعود کەئێستا پاڵێوراوی هەردوو حیزب و میللەتی کوردە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ مام جەلال دا ڕووبەڕووی ئەزموونێکی نوێ دەبنەوە لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا و پێویست دەکات ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر برا و تەبابن بۆکورد، مەکتەبی سیاسی هەردوولا بەتایبەت مەکتەبەکانی ڕاگەیاندن پێویستە زۆر بە ئاگاییەوە لەگەڵ ناسکی هەلومەرجەکە و ئەو هەموو نیگەرانیانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و چاو زەق کردنەوەی نەیارانی گەلەکەمان مامەڵە بکەن چونکە وەک چۆن بوونی مام جەلال بە سەرکۆماری عێراق دەسکەوتە بۆ هەموو کورد و بەری ڕەنجی میللەتێکە، ئاوەهاش بوونی کاک مەسعود بەسەرۆکی کوردستان دەسکەوتی هەموو کورد و هاتنە بەری داری ئازادی گەلەکەمانە، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە دەمەوێت هەم وەکوو ڕۆژنامەنوسێک و هەم وەکوو کادرێکی یەکێتیی نیشتمانی کەساڵانێکی زۆر خەباتی سەختم تیایدا کردووە و گیانی نزیکترین و بەبەهاترینی ئەندامەکانی خێزانەکەی خۆمم پێبەخشیووە، بەئەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بڵێم وەک چۆن بوونی بەڕێز تاڵەبانی بەسەرکۆماری عێراق لێواو لێوی کردم لەخۆشی، بەهەمان ڕادەش بۆ بوونی بەڕێز بارزانی بەسەرۆکی کوردستان بەپەرۆشم.
مافی هەموومانە لە مەسەلەیەکی وا چارەنووسسازدا بێینە قسە، بەڵام کەس مافی نییە یاری بە چارەنووسی گەلەکەمانەوە بکات، کەس مافی نییە براکان بەگژ یەکتردا بکاتەوە، ئاخر بەڕاستی توشی شۆک دەبم کە لە {کوردستان نێت } پێم دەڵێ ئەوەندەی بابەت بەناوی خوازراوەوە بۆ هاتووە لەسەر مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم کەهەموویان بۆ براکوژی نوسراون، کەهەموویان بۆ بەگژ یەکدا کردنەوەی براکان نوسراون، ئەوەی لەوەش زیاتر توشی شۆک و ڕاچڵەکینم دەکات ئەو لێدوانە نا پەسندانەیە کە بەناوی ڕاگەیاندی هەردوو حیزبەوە لەسەر هەمان بابەت بڵاودەبنەوە ئەمە لە وەختێکدا کە دوو ڕۆژنامەنووسی بە ئەزموون و ڕووناکبیری هوشیار ڕاگەیاندنی ئەو دوو حیزبە بەڕێوەدەبەن.
نابێ ڕێگە بدەین کاروانی ڕوو لە خۆرەتاوی گەلەکەمان لە بەرەووگەیشتن بەمەنزڵی سەرکەوتن نابەڵەد بکرێ، ئێمە یەک خەونمان هەیە کەهەمیشە دەیبینین، یەک چارەنوسمان هەیە لە کوردستانێکدا کە پێویستە هەموومان ئاوەدانی بکەینەوە.

بەریتانیا
slemanyunes@yahoo.co.uk